www.regayrasty.com

## سورەتی الجاثية – سورەتی 45 – ژمارەی ئایەتەکانی 37

بسم الله الرحمن الرحيم

(بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان )

1. حم : چەند پیتێک لە سەرەتای هەندێ لە سوورەتەکانی قورئاندا هاتوون ژمارەیان ( 14 ) پیتە ، نیوەی کۆی پیتەکانی زمانی عەرەبین ، بۆ سەلماندنی (اعجاز) و مەزنی و گرنگی قورئان کە لە توانای هیچ کەسدانیە بەو پیتانە کتێبێکی ئاوا بێوێنە دابنێت بەرادەیەک هەتا هەموو گرۆی ئادەمیزاد و پەری کۆ ببنەوە بۆ ئەو مەبەستە ، بێگومان چەندەها نهێنی تریشی تیایە ، زاناکان لە هەندێکی دواون ، هەندێکیشیان وتویانە : هەر خوا خۆی زانایە بە نهێنی ئەو پیتانە .
2. تَنزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ : ئەم قورئانە لەلایەن خوای باڵا دەست و داناوە هاتووەتە خوارەوە .
3. إِنَّ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِّلْمُؤْمِنِينَ : بەڕاستی لە ئاسمانەکان و زەویدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەن دەربارەی گەورەیی و دەسەڵاتی پەروەردگار بۆ کەسانێک کە بڕواداران .
4. وَفِي خَلْقِكُمْ وَمَا يَبُثُّ مِن دَابَّةٍ آيَاتٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ : هەروەها لە دروست کردنی ئێوەدا ( لە ئەندامەکانی لەشتاندا ، لە قۆناغەکانی گەورە بوونتاندا ، لە جیاوازی نێرو مێتاندا ....هتد ) ، هەروەها لە هەموو زیندەوەرە جۆراو جۆرانەی کە لەسەر زەوی وژێر زەوی و ناو ئاودا هەن و بڵاویان دەکاتەوە ، ( لە چوار پێ و باڵندەکان ، لە خشۆک و شەش پێکان ، لە گیاندارانی هەمەجۆر لە قەبارەو ڕەنگ و شێوازدا ، لە دەوریان لە خزمەتکردنی ئادەمیزاد ، هەموو ئەوانە ) بەڵگە و نیشانەن لەسەر دەسەڵاتی خوا بۆ کەسانێک کە دڵنیان و باوەڕی دامەزراویان هەیە .
5. وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِن رِّزْقٍ فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ آيَاتٌ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ : هەروەها لە جیاوازی شەوو ڕۆژدا ، لەو ڕزق و ڕۆزیەی کەلە ئاسمانەوە خوا باراندوویەتی ( وەک باران و تیشکی خۆر گازەکان و ...هتد ، کە سەرچاوەی گەشەکردن و پێگەیشتنی ڕووەک و هەموو زیندەوەرانە ) ، بەو هۆیەوە زەوی زیندوو کردەوە دوای وشک بوون و مردنی ، هەروە لە هاتوچۆ

گۆران و جوڵەی هەوادا ، لە هەر هەموو ئەوانەدا بەڵگە ونیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێک عەقڵ و بیرو هۆشیان دەخەنە کار .

6. تِلْكَ آيَاتُ اللَّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِالْحَقِّ فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَ اللَّهِ وَآيَاتِهِ يُؤْمِنُونَ : ئەی محمد ( صلی الله علیه وسلم ) ئا ئەوانە بەڵگە و نیشانەی دەسەڵاتەکانی خوان ، دەیخوێنینەوە بەسەر تۆدا سەرتاپای حەق و راستەقینەیە ، جا دوای خواو فەرمانەکانی بە چ گوتار و باسێکی تر باوەڕ دەکەن و ئیمان دەهێنن .

7. وَيْلٌ لِّكُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ : هاوار و قوڕبەسەری و ڕەنجەڕۆیی تەنها بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە زۆر درۆزن و بوختانچی و تاوانبارن .

8. يَسْمَعُ آيَاتِ اللَّهِ تُتْلَى عَلَيْهِ ثُمَّ يُصِرُّ مُسْتَكْبِرًا كَأَن لَّمْ يَسْمَعْهَا فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ : هەیانە گوێ دەگرێت بۆ ئایەتەکانی خوا کاتێک بەسەریدا دەخوێنرێتەوە ، لەوەودوا سوور دەبێت لەسەر بێ باوەڕی و خۆی بەزل دەزانێت ، هەروەک نەیبستبێت ، جا مژدەی سزاو ئازارێکی بەئێش بدە بەو جۆرە کەسانە !!

9. وَإِذَا عَلِمَ مِنْ آيَاتِنَا شَيْئًا اتَّخَذَهَا هُزُوًا أُوْلَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ : کاتێک شتێک لە ئایەت و فەرمانەکانی ئێمەی پێ دەگات و بێزار دەبێت ، ئەوە دەیکاتە هۆی گاڵتەو گەمەجاڕ ، ئا ئەوانە سزای خەجاڵەت ئاوەرو شەرمەزاری چاوەڕێیانە هەر لەم دنیدا.....

10. مِن وَرَائِهِمْ جَهَنَّمُ وَلَا يُغْنِي عَنْهُم مَّا كَسَبُوا شَيْئًا وَلَا مَا اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ أَوْلِيَاء وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ : لە قیامەتیشدا ، دۆزەخ بەدوایانەوەیە و لێی قوتار نابن ، هەرچیەکیان کردبوو فریایان ناکەوێت ( لە ماڵ و هێزو دەسەڵات ) ، هەموو ئەوانەش کە لە جیاتی خوا کردبوویان بەپاڵپشتی خۆیان ، جا سزایەکی زۆر گەورە و سامناک بۆیان ئامادەیە .

11. هَذَا هُدًى وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَهُمْ عَذَابٌ مَّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ : ئەم قورئانە رێنموویی بەخشە ، بەرچاو روونکەرەوەیە ، رێ نیشاندەرە ، ئەوانیش کە باوەڕیان نەبوو بە ئایەت و فەرموودەکانی پەروەردگاریان سزایەکی زۆر سەخت و بە ئێش چاوەڕێیانە .

12. اللَّهُ الَّذِي سخَّرَ لَكُمُ الْبَحْرَ لِتَجْرِيَ الْفُلْكُ فِيهِ بِأَمْرِهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ : خوا ئەو زاتەیە کە دەریای بۆ رام کردوون تا کەشتی بە فەرمانی ئەو هاتووچۆی پیادا بکات ، تا بچن بەدەم بەخشش و بەهرەکانیەوە و دەستان کەوێت ( لە بازرگانی و راوە ماسی و دەرهێنانی گەوهەر و مرواری و ...هتد ) بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری خوا بکەن .

13. وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لَّقَوْمٍ

يَتَفَكَّرُونَ : هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا رام هێناوە ، بۆ خزمەتگوزاری ئێوە فەراهەمی هێناوە ، هەموویشی تێکرا بەخشش لەلایەن ئەو زاتەوە ، بەڕاستی ئا لەو بەخشش و دیاردانەدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێک کە بیربکەنەوە و تێفکرن .

14. قُل لِّلَّذِينَ آمَنُوا يَغْفِرُوا لِلَّذِينَ لا يَرْجُون أَيَّامَ اللَّهِ لِيَجْزِيَ قَوْمًا بِما كَانُوا يَكْسِبُونَ :

ئەی پێغەمبە ( صلی اللہ علیە وسلم ) بلێ بەوانەی کە ئیمانیان هێناوە : چاوپۆشی بکەن لەوانەی بە تەمای رۆژە سەختەکان نین کە خوا پێشی دەهێنێت بۆ لێپرسینەوەیان ، تا پاداشتی قەومی نالەبار بداتەوە بەگوێرەی ئەو کاروکردەوەیەی کە ئەنجامی دەدەن......

15. مَنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ أَسَاء فَعَلَيْهَا ثُمَّ إِلَى رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ : هەرکەسێک کاروکردەوەی چاکی ئەنجام دابێت ئەوە سوود و قازانجەکەی بۆ خۆیەتی ، هەروەها ئەویش لەسەر خۆی دەکەوێت ، لەوەودواش بۆ لای پەروەردگارتان دەبرێتەوە .

16. وَلَقَدْ آتَيْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ : سوێند بە خوا بێگومان ئێمە تەوراتمان بەخشی بە نەوەی ئیسرائیل هاوڕێ لەگەڵ دەسەڵاتداری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خەڵکی ، لەگەڵ پێغەمبەرایەتیشدا ، لە چەندەها رزق و رۆزی چاک و پاکیش بەهرەوەرمان کردن ، زیادە رێزیشمان دان بەسەر هەموو خەڵکی سەردەمی خۆیاندا .

17. وَآتَيْنَاهُم بَيِّنَاتٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَمَا اخْتَلَفُوا إِلَّا مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمْ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ : هەروەها ئێمە چارەسەری هەموو کارێکی گرنگمان بۆ روونکردنەوە و پێمان بەخشین ( دەربارەی عەقیدەو شەریعەت وحەڵاڵ وحەرام ) ، جا ناکۆکی و دووبەرەکیان لە نێواندا بەرپا نەبوو مەگەر دوای ئەوەی کە هەموو شت روون بۆوە و زانستیان بۆ هات ، ئەوەش بەهۆی ستەم و ناکۆکی و حەسوودی نێوان خۆیانەوە ، بەڕاستی پەروەردگاری تۆ ئەی محمد ( صلی اللہ علیە وسلم ) لە رۆژی قیامەتدا داوەری دەکات لە نێوانیاندا دەربارەی ئەو شتانەی کە ناکۆکیان لەسەری هەیە و رای جیاوازیان هەیە دەربارەی .

18. ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاء الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ : لەوەودوا ئێمە تۆمان ئەی محمد ( صلی اللہ علیە وسلم ) خستۆتە سەر بەرنامەیەکی راست و رەوان لە هەموو کارو بارێکی ئەم ئایینەدا ، کەواتە شوێنی بکەوە و لێی لامەدە ، نەکەیت شوێنی ئارەزووی ئەوانە بکەویت کە نازانن و نافامن .

19. إِنَّهُمْ لَن يُغْنُوا عَنكَ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا وإِنَّ الظَّالِمِينَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَاللَّهُ وَلِيُّ الْمُتَّقِينَ
: بێگومان ئەوانە هیچ کات فریات ناکەون و لە دەستی خوا رزگارت ناکەن ( ئەگەر
خوا لە خۆت برەنجێنیت و نافەرمانی بکەیت ) ، بەڕاستی ستەمکاران هەندێکیان
یارو یاوەری هەندێکیانن ، خوایش پشت و پەناو خۆشەویستی دیندارو چاکانە .
20. هَذَا بَصَائِرُ لِلنَّاسِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ : ئەم قورئان و بەرنامەیە چەندەها
چاو رۆشنیە بۆ خەڵکی و هیدایەت و ڕێنموویی و رەحمەتە بۆ قەوم و کە سانێک کە
باوەڕ بهێنن و پێی دڵنیاو دڵئارام ببن .
21. أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ اجْتَرَحُوا السَّيِّئَاتِ أَّن نَّجْعَلَهُمْ كَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ
سَوَاء مَّحْيَاهُم وَمَمَاتُهُمْ سَاء مَا يَحْكُمُونَ : ئایا ئەوانەی کە گوناهو تاوانەکانیان
ئەنجامداوە ، وایان زانیووە هەروەک ئەوانە حسابیان بۆ دەکەین کە ئیمانیان
هێناوە و کاروکردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە ؟! ژیانی دنیاو مردن و دوای مردنیان
وەک یەک دەبێت ؟! ئای کە بڕیاری خراپ بڕیار دەدەن .
22. وَخَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ وَلِتُجْزَى كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ
: خوا ئاسمانەکان و زەوی لەسەر بنەمای حەق و راستی داناوە ، بۆ ئەوەی
سەرەنجام پاداشتی هەموو کەسێک بەگوێرەی کارو کردەوەکانی بداتەوە و هیچ
جۆرە ستەمێکیشیان لێ ناکرێت .
23. أَفَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ وَأَضَلَّهُ اللَّهُ عَلَى عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَى سَمْعِهِ وَقَلْبِهِ وَجَعَلَ عَلَى
بَصَرِهِ غِشَاوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِن بَعْدِ اللَّهِ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ : هەواڵم بدەرێ ئایا ئەو کەسەی کە
ویست و ئارەزووی خۆی کردۆتە خوای خۆی ؟! بەهۆی ئەوەوە خوایش گومرای
کردووەکە زانیوویەتی شایەنی ئەوەیە ، لە ئەنجامی بەد هەڵوێستی خۆیدا و مۆری
ناوە بە دەزگای بیستن و دڵ و دەروونیدا و پەردەشی هێناوە بەسەر چاوو دەزگای
بینینیدا ، جا ئیتر کێ هەیە جگە لە خوا هیدایەت و ڕێنموویی بکات ، ئایا بیر
ناکەنەوە و ئامۆژگاری وەرناگرن .
24. وَقَالُوا مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَا إِلَّا الدَّهْرُ وَمَا لَهُم بِذَلِكَ مِنْ
عِلْمٍ إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ : خوانەناسان دەیانوت : ژیان تەنها ئەم ژیانی دنیایەیە ،
دەمرین و دەژین بەنۆرە ، هەر رۆژگارو زەمانە کاریگەرن تیاماندا و دەمان مرێنن و
هیچی تر ! جا ئەوانە وەنەبێت لەسەر بنچینەی هیچ جۆرە زانستی و زانیاریەک
ئەوە بڵێن بەڵکو تەنها پشت بەگومان ودوودڵی دەبەستن .
25. وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ مَّا كَانَ حُجَّتَهُمْ إِلَّا أَن قَالُوا ائْتُوا بِآبَائِنَا إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ
: کاتێکیش ئایەتەکانی قورئانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنرێتەوە ( کە بەڵگەی زۆر

بەهێزو روونی تێدایە لەسەر زیندووبوونەوە ، هەموو بەڵگەیەکیان هاتۆتە سەر
ئەوەی ) کە دەڵێن : دە باشە باوو باپیرانی مردوومان بۆ زیندوو بکەنەوە ئەگەر
راست دەکەن ؟! ( شایەنی باسە کە حەزرەتی عیسا ئەو کارەی بۆ خەڵکی ئەجامدا بە
ویستی خوا ، کەچی وتراوە : ئەمە سیحرو جادووە ) ؟!

26. قُلِ اللَّهُ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يَجْمَعُكُمْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ لَا رَيْبَ فِيهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ
لَا يَعْلَمُونَ : ئەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) پێیان بڵێ : ( ئەو شتانە بەدەست
ئێمە نییە ) ئەوە هەر خوایە ژیانتان پێ دەبەخشێت و پاشان دەتانمرێنێت و دوای
ئەوە کۆتان دەکاتەوە لە رۆژی قیامەتدا کە هیچ گومانی تێدا نیە ، بەڵام زۆربەی
خەڵکی ئەمە نازانن .

27. وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ يَوْمَئِذٍ يَخْسَرُ الْمُبْطِلُونَ : هەر خوا
خاوەنی ئاسمانەکان و زەویە ، ئەو رۆژەی کە قیامەت پێش دێت ، هەر ئەو رۆژە
هەرچی بەتاڵپەرست و ناحەق پەرستانە لە زەرەرمەندیەکی زۆر گەورەدا دەبن .

28. وَتَرَى كُلَّ أُمَّةٍ جَاثِيَةً كُلُّ أُمَّةٍ تُدْعَى إِلَى كِتَابِهَا الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ : ئەو
رۆژە دەبینیت هەموو خەڵکی بەچۆکدا هاتوون و لەسەر ئەژنۆو پەنجەکانیان
ئامادەن ( هەرکەس چاوەڕی بانگ کردنە بۆ لێپرسینەوە ، ئامادەیە دەست بەجێ
راپەڕێت و را بکات بۆ بەردەم دادگای پڕ لە دادی پەروەردگار ) هەر قەوم و هۆزێک
بانگ دەکرێت بۆ لای ئەو کتێبەی کە بۆی رەوانە کراوە ، یاخود بانگ دەکرێت بۆ
لای نامەی کردەوەکانی ، ئەوسا پێیان دەوترێت : ئەمڕۆ ئیتر پاداشتی ئەو
کاروکردەوانەی کە دەتانکرد دەدرێتەوە .

29. هَذَا كِتَابُنَا يَنطِقُ عَلَيْكُم بِالْحَقِّ إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ : ئەمە ئیتر نامەی
کردەوەکانتانە کە تۆمارمان کردووە لەسەرتان ، خۆی گۆیایە قسەدەکات و حەق
وێژە ( دیارە کردەوەکانمان تۆمار کراوە لەسەر دەزگای زۆر پێشکەوتوو ) چونکە
بەڕاستی ئێمە کاتی خۆی ئەوەی ئێوە دەتانکرد لەبەرمان دەگرتەوە .

30. فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَيُدْخِلُهُمْ رَبُّهُمْ فِي رَحْمَتِهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْمُبِينُ
: جا ئەو کاتە ئەوانەی باوەڕیان هێناوە وە کاروکردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە ،
ئەوە پەروەردگاریان دەیانخاتە ژێر سایەی رەحمەت و میهرەبانی خۆیەوە ، تەنها
ئەوە سەرکەوتن و سەرفرازیەکی ئاشکرایە .

31. وَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُوا أَفَلَمْ تَكُنْ آيَاتِي تُتْلَى عَلَيْكُمْ فَاسْتَكْبَرْتُمْ وَكُنتُمْ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ :
بەڵام ئەوانەی کە بێ بڕواو کافربوون پێیان دەوترێت : باشە ، ئێوە ئایەتەکانی
منتان بەسەردا نەدەخوێنرایەوە ؟! کەچی خۆتان بەگەورە و زاڵ دەزانی ، بەراستی

ئێوە هۆزێکی تاوانبارو تاوانکار بوون .
32. وَإِذَا قِيلَ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ وَالسَّاعَةُ لَا رَيْبَ فِيهَا قُلْتُم مَّا نَدْرِي مَا السَّاعَةُ إِن نَّظُنُّ إِلَّا
ظَنًّا وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ :کاتێکیش بوترایە : بێگومان بەڵێنی خوا راستە و رۆژی
قیامەت هەر دێت و گومانی تیادا نیە ئێوە لە وەڵامدا دەتانوت : ئێمە هەر نازانین
رۆژی قیامەت چیە ؟! ئێمە هەر گومان دەبەین و دڵنیا نین !!
33. وَبَدَا لَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا عَمِلُوا وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِؤُون : ئەو کاتە لە
قیامەتدا ئەو کارو کردەوە ناشیرینیانە کە کردوویانە بۆیان دەردەکەوێت و بڕوایان
پێی نەبوو ( کە سزاو ئازادی دۆزەخە ) لە هەموو لایەکەوە دەوریان دەدات و رێگەی
رزگارییان لێ دەبڕێت .
34. وَقِيلَ الْيَوْمَ نَنسَاكُمْ كَمَا نَسِيتُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَذَا وَمَأْوَاكُمْ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن نَّاصِرِينَ :
پێیان دەوترێت : لەمڕۆ بەدواوە ئیتر ئێوە فەرامۆش دەکەین و پشت گوێتان دەخەین
، هەروەکو چۆن ئێوە بڕوا بوونتان بەم ڕۆژە فەرامۆش کرد ، شوێنی نیشتەجێ و
حەوانەوەشتان ناو ئاگری دۆزەخە ، کەسیشتان دەست ناکەوێت پشتیوانی و
پشتگیریتان لێ بکات .
35. ذَلِكُم بِأَنَّكُمُ اتَّخَذْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ هُزُوًا وَغَرَّتْكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فَالْيَوْمَ لَا يُخْرَجُونَ مِنْهَا
وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ : ئەم سەرئەنجامەش بۆیە یەخەی پێگرتن چونکە بەراستی کاتی
خۆی گاڵتەتان بە ئایەت و فەرمانەکانی خوا دەهات ، ژیانی دنیاش غەڕاو گومڕای
کردبوون ، ئەمڕۆ ئیتر ڕزگاربوونیان ئەستەمە لەو ئاگری دۆزەخە لێی دەرناهێنرێن
، داوای ئەوەشیان لێناکرێت خوا لەخۆتان رازی بکەن .
36. فَلِلَّهِ الْحَمْدُ رَبِّ السَّمَاوَاتِ وَرَبِّ الْأَرْضِ رَبِّ الْعَالَمِينَ : جا هەر لە بۆ خوایە
سوپاس و ستایش ، کە پەروەردگاری ئاسمانەکانە ، پەروەردگاری زەویشە ،
پەروەردگاری هەموو جیهانیان .
37. وَلَهُ الْكِبْرِيَاءُ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ : هەرچی گەورەیی و
شکۆمەندی هەیە لە ئاسمانەکان و زەویدا هەر شایستەی ئەوە ، بەڕاستی ئەو زاتە
باڵادەست و دانایە .